# تاریق عەزیز شایەت یان تاوانبار!



چوارشەممە 14.3.2007
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim2006@hotmail.com

رۆژی (5.3.2007)، دانیشتنی ژمارە (48)ی دادگاییکردنی سەرانی بەعس لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال بەڕێوەچوو. دانیشتنی ئەمجارەش لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، تایبەت بوو بەگوێگرتن لە شایەتانی بەرگری لەتۆمەتباران، بەناو شایەتی ئەمجارە کۆنە ڕەفیق (تاریق عەزیز عیسا)ی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەددامو، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی سەددامو جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری دەرەوەی ساڵانی ئەنفال بوو.

تاریق عەزیز، وەکو داکۆکی کەرێک هاتبوو بۆ دادگا، نەک وەکو شایەتێک بۆ گێڕانەوەو دەرخستنی راستییەکان، ئەو بەعسییە مالۆسە گوتی: (من شانازی بەوە دەکەم کە لەگەڵ رژێمی پێشوو و سەددامی قارەمان کارم کردووە. ئێراق بەچەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی نەداوە، بەڵکو ئێران بوو). هەروەها تاریق نکۆڵی لەوەکرد کە کورد ئەنفال کرابێت. دادوەر محەمەد ئەلعرێبی، سەرۆکی (د. ب. ت. ع)، چەندجارێک هۆشداری دایە ئەو تاوانبارە بەناو شایەتەو بەسەریدا هاواریکرد کە بێتەوە سەر خەت، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کە لەدەرەوەی خەت بمێنێتەوە.

تاریق عەزیز، یەکێک بوو لەو سەرکردە بەعسیانەی کە دوای دەستگیرکردنەکەی لە (24.4.2003)دا، قسەی زۆری لەسەر سەددامو دارودەستەی کردبوو، هەروەها دانی بەگشت تاوانەکانی رژێم دانابوو، بەڵام خۆی لەهەموو تاوانەکان بەدوورخستبوو، بەبیانۆی ئەوەی کە گوایە ئەو سەرکردەیەکی دبلۆماسی بووەو پەیوەندی بەکاری سەربازی یان سیاسەتی بەعس نەبووە لە کوردستاندا! دادوەری لێکۆڵینەوە هەموو قسەکانی (تاریق عەزیز)یان بە سەددامو تاوانبارەکانی تر گوتبووەوە لەپێناوی دانپێدانانی ئەوانیش بەو تاوانانەی کە سەرانی بەعس لە کوردستانو ئێراقدا ئەنجامیان دابوو. ئەو دانپێدانانەی ئەو تەواوی سەرانی بەعسو سەددامی بێزار کردبوو، بۆیە کاتێک کە سەددام لەرۆژی پێنجشەممە (1.7.2004)دا لەدادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، کە لەو رۆژەدا (12) تاوانبار لەسەرانی بەعس بردرانە بەردەم دادگا، تاریق عەزیزی بینیبوو چاوەکانی لێ سوورکردبووەوەو پێی گوتبوو: (لم تكن مسؤولا عن شيء ولا علاقة لك بشيء؟ يا كلب، يا خائن .....! واتە: بەرپرس نەبووی لەهیچ شتێکو پەیوەندیت بەهیچ شتێکەوە نەبوو؟ هەی سەگ، هەی ناپاک.....!). دوای ئەو جنێوانەی سەددام، تاریق عەزیز بەخۆدا دەچێتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات کە بەرە بەرە لەو دانپێدانانە پەشیمان بێتەوە. پاشان لە (19.9.2005)دا تاریق عەزیز لەلایەن دادوەری (د.ب.ت.ع)دا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بائامادەبوونی (بەدیع عارف)ی پارێزەری بەمەبەستی پەسەندکردنی روونکردنەوەکانی وەکو شایەتێک، لەو دانیشتنەدا تاریق عەزیز لەسەر زۆرشت پەشیمان بۆتەوە، بەڵام لەوەڵامی پرسیاری: ئایا چارەنووسی ئەو خێزانە کوردانەی کە لەساڵی (1988)دا لەلایەن هێزەکانی سوپای ئێراقی، وە بەتایبەتی شاڵاوەکانی ئەنفال دەستگیرکران چیان بەسەرهات؟ دەڵێت: (<u>لەو گفتوگۆیانەی کە عەلی حەسەن مەجید</u>

**سەرپەرشتی دەکرد، <u>پرسیاری چارەنووسی ئەو خێزانانەو زیانەکانی لێکرابوو، بەڵام نازانم وەڵامی عەلی حەسەن چی بوو! لەدانیشتنە هاوبەشەکاندا ئێمە گەیشتینە رێککەوتنێک کە حکومەت (حکومەتی پێشووی روخاو) قەرەبووی زیان لێکەوتووە کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی بکاتەوە</u>).**

**ئەوەی سەرەوە دانپێدانانێکی ناراستەخۆی تاریق عەزیزە بەوەی کە رژێم کوردی ئەنفال کردووە، هەروەها لەهەمان کاتدا دانپێدانانێکی راستو دروستی ئەوەیە کە سەرکردایەتی کورد لەگفتوگۆکانی بەهاری ساڵی (1991)دا پرسیاری چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی کردووە. بەڵام ئەو تاوانبارە دەیەوێت رووی رەشی خۆیو رژێمەکەی بەچەند درۆیەکی ئاشکەرا سپی کاتەوە لەو تاوانانەی لەدژی کورددا ئەنجامیان داوە.**

**جگە لەوەش لەسەرکردە کوردەکانی بەشداربوو لەگفتوگۆکانی هەمان ساڵدا لەگەڵ بەعس، دکتۆر مەحمود عوسمان، دکتۆر فوئاد مەعسومو کاک کۆسرەت کە هەرسێکیان زۆرجارو لەچەندین بۆنەو کۆرو کۆبوونەوەو لای دۆستو هەڤاڵانی خۆیاندا، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە چەندینجار لەگفتوگۆکانی بەهاری ساڵی (1991)دا باسی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان لەگەڵ سەرانی رژێمدا کراوە، بەڵام هەموو جارێک سەرانی رژێم خۆیان دزیوەتەوە یان وەڵامی دروستیان نەداوەتەوە. بۆجاری یەکەم دکتۆر مەحمود عوسمان چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی لە عەلی حەسەن مەجید پرسیووە، کەچی ئەو زۆر سەخڵەت بووە بەو پرسیارەو بەجارێک شڵەژاوەو گوتویەتی: (ئێوە دەتانەوێ ئەو تاوانە بخەنە سەر منو بە (عەلی کیمیاوی) ناوم دەبەنو، باسی ئەوە دەکەن (182) هەزار کەس بێسەرو شوێنە، بەڵام ژمارەی هەموو ئەوانەی ئێمە لەو شاڵاوە سەربازییانەدا کۆمان کردوونەتەوە نەدەگەیشتنە (100) هەزار کەس). ئەوە دانپێدانانێکی راستەوخۆی ئەو تاوانبارەیە بەوەی کە کورد ئەنفالکراوەو، ئەو چارەنووسیان دەزانێتو گۆڕە بەکۆمەڵەکان پێدەزانێت.**

**هەروەها دکتۆر فوئاد مەعسوم باسی ئەوەی کردووە کە چۆن عەلی حەسەن مەجید لەکاتی پرسیارکردن سەبارەت بەچارەنووسی ئەنفالکراوەکان شڵەژاوەو گوتویەتی: (ئێوە مەبەستتان منەو دەتانەوێت دەمارم بگرنو رقم هەڵسێنن، من جگە لەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی شۆڕش هیچ شتێکی ترم نەکردووە). ئەو قسانەی تاوانباری ناوبراو دووبارە دانپێدانانێکی راستەوخۆیەو، دەیەوێت بەوە بێتاوانی خۆی نیشانبدات کە فەرمانەکانی سەرکردایەتی بەناو شۆڕشی جێبەجێکردووە.**

**ئەوە جگە لەوەی کە کاک کۆسرەت جەختی لەسەر قسەکانی هەردووکیان کردۆتەوەو، بەدەیان جار باسی ئەوەی کردووە کە لەکاتی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێمدا، هەرجارەی شاندی کوردستانی پرسیاری چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی کردبێت، ئەوان بەهیچ جۆرێک نەیانویستووە وەڵامی راستو دروستی کورد بدەنەوەو هیچ زانیارییەکیشیان پێ نەداون.**

**سەبارەت بەکیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن فڕۆکەکانی ئێرانییەوە نەک ئێراقی، ئەوە بەعسییەک خۆی وەڵامی ئەو درۆیەی تاریق عەزیز دەداتەوە، نزار خەزرەجی لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (ئێم بی سی)**

عارەبی کە لە دانیمارک لەگەڵیدا ئەنجامیداو، بەرنامەی (حوار الاسبوع) لە (10.11.2001)دا بڵاویکردەوە، گوتی: (لەبەرەبەیانی رۆژی (16.3.1988)دا ئەو رۆژەی لە هەڵەبجە درا، فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات (فەریق کامیل ساجیت) بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم کە شەوی رابردوو و بەیانی ئەمڕۆ ئێرانیەکان هێرشیان هێنابوو بۆ سەر ئەو بەرزاییانەی دەکەونە رۆژهەڵاتو باکووری هەڵەبجە. هەروەها گووتی: بارەگای هێزی بەرپرس بۆ پارێزگاری ناوچەکە کە بارەگاکەی لە هەڵەبجەیە بەئەرکی خۆی هەڵساو زاڵن بەسەر رەوشەکەدا). دەوروبەری کاتژمێر چواری هەمان رۆژ دووبارە فەریق کامیل ساجیت تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو پێی راگەیاندم: کۆمەڵێک فڕۆکە هاتوو شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکرد). پرسیم فڕۆکەکان ئێراقی بوون؟ گوتی: بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان بوونو پەیوەندیش بە فەرماندەی هێزی هەڵەبجە پچڕاوە). لەڕاستیدا سەرم سوڕماو دەستبەجێ پەیوەندیمکرد بە وەزیری بەرگری (فەریق عەدنان خەیروڵڵا)و لەڕەوشەکە ئاگادارمکردەوە. ئەو پیاوەش گوتی: هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەو بابەتە نیە، کاتژمێرێک یان تۆزێک زۆرتر ماوەم بدە پەیوەنیت پێوە دەکەمەوە). رێک دوای کەمتر لە دوو کاتژمێر، نزیکەی کاتژمێرێکو نیو دواتر دەبوو پەیوەندی پێوەکردمەوەو گوتی: بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان هەڵەبجەیان بۆردوومانکردووە بە فەرمانی فەرماندەی گشتی سەدام حوسێن لە ئەنجامی پێدانی زانیاری نادروست لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە). کاتێ کە مەجید بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبو بارەگاکەی لە کەرکوک بوو. پێدەچێت کە مەجید لەڕێگای کەسانی سەر بە دەزگای حیزبیەوە زانیاری وای پێگەیشتبێت هەڵەبجە کەوتبێتە دەست ئێرانیەکان. دەمودەست پەیوەندی بە سەدام حوسێنەوە کردوەو بڕیاری ئەوەیان داوە بۆمبارانی هەڵەبجە بکەن. دواتریش دەرکەوت ئەو لێدانە لێدانی کیمیاوی بوو). گرنگترین شت بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە لەدانپێدانانەکانی خەزرەجیدا بۆمان دەردەکەوێتو هیچ گومانێک نامێنێت کە بەچەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە دراوە، ئەویش لەلایەن هێزی ئاسمانی ئێراقو فڕۆکەکانی (سەددام)ەوە بوو.

تاریق عەزیز، یەکێکە لەسەرکردە هەرە درۆزنەکانی بەعس. لەسەرەتای ساڵی (1992)دا شاندێکی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەسەرۆکایەتی (ماکس ڤان دیرستوێل، سەرۆک وەزیرانی پێشووی هۆڵەندی) هاتە هەولێرو، لەڕۆژی (6.1.1992)دا ژمارەیەکی زۆر لەزیندانییە رامیارییەکان لەلایەن ئەو شاندەیە چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کرا. دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو چاوپێکەوتنەدا، (ماکس ڤان دیرستوێل) گەڕایەوە هەولێرو داوای دووبارە چاوپێکەوتنی کردەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە رۆژی (6.1.1991) دیبوونی، یەکێک لەو کەسانە من بووم. ئەوجارەیان (ماکس ڤان دیرستوێل) باسی ئەوەیکرد کە ئەوان چاویان بە (تاریق عەزیز) کەوتووە لە بەغداو، باسی ئەوەیان لەگەڵ کردووە کە حکومەتی ئێراقی ئازارو ئەشکەنجەی زۆری زیندانییەکانی داوەو بەشێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوون. بەڵام تاریق عەزیز نکۆڵی لەوە کردووە کە حکومەتی ئێراقی کەسێکی لەزینداندا ئەشکەنجە دابێ‌و، باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو کەسانە سەر بەپارتە کوردەکانن‌و، بوختان بۆ حکومەت هەڵدەبەستن‌و بۆ ئەو کارەیان پارەیان لەپارتە کوردییەکان وەرگرتووە، تەنانەت هیچ کامێک لەوانە لای حکومەت نەگیراون، ئەوانە درۆزنن. لەئەنجامدا (ماکس ڤان دیرستوێل) داوایکرد کە کاممان ئامادەیی ئەوەی تیایە کە لەگەڵیاندا بچێت بۆ بەغداو رووبەڕووی (تاریق عەزیز) باسی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە لەزیندان چەشتوویەتی باسی بکات. یەکێک لەو کەسانە من بووم کە ئامادەیی خۆمم نیشاندا بۆ ئەو مەبەستە! دیرستوێل لێمی پرسی

دەتەویت چی بە تاریق عەزیز بلێی؟ گوتم: (ئەگەر گەرەنتیم بدەیتێ کە بەساغیو زیندوویی بمگەڕێنیتەوە بۆ هەولێر، پێی دەڵێم فەرموو سەیری پاشماوەکانی ئازارو ئەشکەنجە بکە لەسەر جەستەم، باسی هەموو زیندانەکانی بۆ دەکەمو ناوی گشت ئەفسەرو جەللادەکانی (مەنزومەی ئیستخباراتی شمالی)و ئەمنی هەولێری پێ دەڵێم، بەڵگەنامەکانی بریاری دادگا بەواژۆی سەرۆکی دادگای بەناو شۆڕش (عەواد بەندەر) کە بە (10) ساڵ زیندانی کراوم لە رۆژی (4.6.1987)دا، هەورەها پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی زیندانی ئەبوغریب بەواژۆی بەڕێوەبەری ئەوکات (ئەحمەد فەرحان شعێبس) کە دەیسەلمێنێ لە (4.6.1987) تاوەکو (14.9.1988) لەزیندانی ئەبوغریب – قسم احكام الخاصة- بوویمە، لەگەڵ چەندین بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر کە دەیسەلمێنێت لەرۆژی (2.3.1986)دا لەلایەن مەنزومە لە قووتابخانەی (ئەرخەوانی کچان) لە هەولێر گیراوم، لەکۆتاییشدا پێی دەڵێم تۆ درۆزنی نەک ئێمە، ئێمە کرێگرتە نین، بەڵکو باسی ئەو راستییانەمان کردووە کە لەزینداندا بەسەرمان هاتووە). دووبارە بە (دیرستوێل)م گوت: (بەڵام بەو مەرجەی بەزیندوویی بمبەیتو بەزیندوویی بمگەڕێنیتەوە). ماکس ڤان دیرستوێل گوتی: (بڕوای تەواومان بەقسەکانت هەیە، بەڵام ناتوانین گەرەنتیت بدەینێ، بەس ئەکەی بۆ سەردانیش رووبکەیتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت، چونکە ئێمە لەگەڕانەوەماندا بۆ بەغدا دووبارە دەچینەوە لای تاریق عەزیزو ناوی تۆو بەڵگەنامەکانت دەدەین بە تاریق عەزیز وەکو بەڵگەیەک کە زیندانییەکان لای ئەوان ئەشکەنجەو ئازاری دڕندانە دراون، هەروەها لەمرۆ بەدواوە بچیتە ناو حکومەتو هەرشتێکت بەسەر بێت خۆت بەرپرسی نەک ئێمە).

تێبینی: ئەو وتارانەی خوارەوەش یەکێکیان رۆژێک دوای هێنانی (سەددام، تاریق عەزیز، عەلی حەسەن مەجید، عەزیز حەسەن نۆمان، سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری، تەها یاسین رەمەزان، سوڵتان هاشم ئەحمەد، عەبد حەمود، وەتبان ئیبراهیم، بەرزان ئیبراهیم، محەمەد حەمزە زوبەیدیو جەمال مستەفا تکریتی) بۆ بەردەم دادگا نووسراوە، ئەوەی تریش دوای دەستپێکردنی دادگاییکردنی سەددامو دارودەستەی لەسەر ئەنفال، نووسراوە، لێرەدا بە پێویستم زانی دووبارە بڵاویان کەمەوە.

## تاریق عەزیز: گەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە لەدژی کوردەکان بەکارمان دەهێنا

لە ژمارە (53) ی مانگی ئابی 1998 ی مانگنامەی (المنار الكوردي)(1)، کە رۆژنامەیەکی نیو مانگانەی رامیاری بوو لەلایەن نووسینگەی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەزمانی عارەبی دەردەچوو، لەرپیۆرتاژێکی کورتدا هاتووە کە دوای پرسیارکردن لە (دیڤید نیوتن)ی باڵوێزی ئەمریکی لە ئێراق لە ساڵانی (1984-1988)دا، لەکاتی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە قاهیرە رۆژی (17.2.1998)و، لەکاتی گەشتێکی خۆیدا وەکو نوێنەری ئەمریکی بۆ ناوچەکە ئەو پرسیارەی لێکراوە: کە ئایا ئەمەریکا نارەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقیدا لەدژی کوردەکان لە هەڵەبجەدا؟
لەوەڵامدا دیڤید نیوتن دەڵێت: "ئێمە کاتی خۆی هەڵساین بە دەرکردنی چەندین بەیاننامە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو کاتە گرنگی بە دەمارگیریێتی ئێرانو مەترسی توندڕەوی شیعە دەدراو هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو کارە نەبووە جێگای سەرنجی رۆژنامەگەری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو باسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقیدا خستەڕوو. لەیادمە

جارێک لەکاتی سەردانی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ ئێراق، ئەو باسەیان لەگەڵ تاریق عەزیزدا خستەڕوو، تاریق عەزیز کە بەزۆری ئارامو لەسەرخۆیەو دەیتوانی خۆی دوورخاتەوە لەو جۆرە وەڵامانە، بەڵام ئەوجارە جۆرێک لە گرژی نیشانداو ئاوا وەڵامیدانەوە: (بەڵێ، بە دڵنیایی ئێمە چەکی کیمیاویمان لەدژی ئەو خەڵکە دواکەوتووانە بەکارهێناوە. لەبەرچی؟ گەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە هەر لەدژیاندا بەکارمان دەهێنا). دێڤید نیوتن دەڵێت: (تەواوی ئەوانەی لە ژوورەکەدا دانیشتبوون سەریان سووڕما لەو وەڵامەی ئەو بەرپرسە ئێراقیە).

تاریق عەزیز دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەکەمان بوو. دوو خەونی زۆر گەورەی هەبوو باشبوو هیچیان نەهاتنەدی، یەکەمیان کەرکوک بکات بە ئەندەلووسو کورد جگە لەمافی فرمێسک ڕژتن بۆ ئەو شارە کوردستانیە هیچ مافێکی تریان نەبێت بەسەریەوەو، دووەمیشیان بە چەکی ئەتۆم کورد قڕ بکات. وا دیارە ئاواتەکانی سەری دەخۆنو لەداهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ خۆیدا دەیانباتە ژێر گڵ.

(1). بەداخەوە برادەرێک ئەو ژمارەی (المنار الكوردي)و چەند بەڵگەیەکی تری لێوەرگرتمو، دواییش نکۆڵی لێکردو نەیدامەوە.

دەرسیم دیبەگەیی
هەینی 2.7.2004

# بۆ داوا لە دێڤید نیوتنو دکتۆر بەرهەم ساڵح ناکەن بۆ شایەتیدان لەدژی سەددامو دارودەستەکەی؟

هەروەکو هەموومان دەزانین کە پرۆسەی دادگاییکردنی سەددامو شەش کەسی تر لەهەتیوەکانی بەعس لەسەر تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی کوردستان لەڕۆژی (21.8.2006)دا دەستپێیکرد. زۆربەمان پێمان وابوو، لەبەر زۆری بەڵگەنامەو شایەت لەسەر تاوانەکانی ئەنفالو کیمیاباران، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم دادگاییکردنە، سەددامو دارودەستەکەی وەکو سەگی حیز کلکیان دەخەنەوە ناو گەڵیانو دان بەتاوانەکانیاندا دەنێن. کەچی وا دەرنەچوو، بەڵکو ئەوان سوورن لەسەرئەوەی کە چەکی کیمیاوییان بەکار نەهێناوە، خۆ ئەگەر بەکاریش هاتبێت ئەوە ئێران بەکاری هێناوە نەک ئێراق. دەڵێن: (پیاوی سوک دەردی سوکی ناکێشێ ... زامی ئەندامی مردو نائێشێ)، ئەو تاوانبارانەش چونکە ئەوەندە سووکو ریسوا بووینە، هەست بەدەردی سووکی خۆیان ناکەنو ئازاری سووک بوونی خۆشیان ناکێشن. ئەو تاوانبارانە وەکو ئەندامی مردووی لەشی مرۆڤیان لێهاتووە کە نەک هەر زامەکانیان ئازاریان نادات، بەڵکو لە هۆڵی دادگادا زۆر بێشەرمانە بەشێوەیەک خۆیان نیشاندەدەن کە داشیان سوارەو چەندین ووشەی

لەخۆیان ناشرینتری وەکو تێکدەر لەبری پێشمەرگەو، تەمەڕود لەبری شۆڕشو، بەکرێگیراو لەبری نیشتمانپەروەریان بەکارهێنا، جگە لەچەند ووشەیەکی تری وەکو درۆزن، نەزانو کەللەی سەرتان دەهاڕم.

دەربارەی شایەتەکان، دەبوایە هەوڵی ئەوە بدرابایە کە جۆرە کەسانێک ببەن بتوانن بەرێکوپێکی قسەکانیان بکەنو وەڵامی تاوانبارەکانیش بدەنەوە، یاخود دەبوایە پێشتر پارێزەرە کوردەکان ڕێنمایی ئەوەیان بکردنایە کە چی بڵێنو چۆن وەڵامی تاوانبارو پارێزەرەکانیان بدەنەوە. بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری شایەتەکان خەڵکی دێهاتەکانو خوێندەوار نینو ئاستی رۆشنبیرییان بەرز نییەو، کارەساتی ئەنفالو کیمیاباران کاری زۆری کردۆتە سەریانو وای لێکردوون کە نەتوانن وەڵامێکی راستو دروستی پرسیارەکانی تاوانبارەکانو پارێزەرەکانیان بدەنەوە. هەرچی دەربارەی بەڵگەنامەکانیشە تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی وا نەخراوەتە روو، کە ببێتە هۆی ئەوەی نە تاوانبارەکانو نە پارێزەرەکانیشیان بتوانن لەوە زیاتر نکوڵی لەئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفالە بەدناوەکانو کیمیابارانکردنی بێبەزەییانەی دێهاتەکانمان بکەن! هەرچەندە دڵنیام بەڵگەنامەی باش هەن بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانە بگرە هەر لە کاسێتی ڤیدیۆ، کاسێتی تۆمارکەر (ریکۆردەر)، تا دەگاتە هەزاران نامەی فەرمی دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەکو سەرکردایەتیەکانی بەعس، سوپا، هەواڵگریو بیرۆی باکووری پارتی بەعسی عەرەبی سەددام.

داواکارم سەرکردایەتی کوردو پارێزەرە کوردەکان هەوڵی ئەوە بدەن، (دێڤید نیوتن)ی باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە ئێراقو، دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراق بانگ بکەن بۆ ئامادەبوونو شاتەتیدان لەدژی ئەو تاوانبارانەدا، چونکە یەکەمیان دێڤید نیوتن، باڵوێزی ئەمریکی لە ئێراق لە ساڵانی (1984-1988)دا،ک لەکاتی گەشتێکی خۆیدا وەکو نوێنەری ئەمریکی بۆ میسرو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەڕۆژی (17.2.1998)دا لە قاهیرە، لەلایەن رۆژنامەنووسێک پرسیاری ئەوەی لێکراوە: کە ئایا ئەمەریکا نارەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی کوردەکان لە هەڵەبجەدا؟.(1). لەوەڵامی ئەو پرسیارەی رۆژنامەنووسەکەدا، دێڤید نیوتن دەڵێت: (ئێمە کاتی خۆی هەڵساین بە دەرکردنی چەندین بەیاننامە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوکاتە گرنگی بە دەمارگیریتی ئێرانو مەترسی تووندڕەوی شیعە دەدرا، هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو کارە نەبووە جێگای سەرنجی رۆژنامەگەری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو باسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقیدا خستەڕوو. لەیادمە جارێک لەکاتی سەردانی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ ئێراق، ئەو باسەیان لەگەڵ تارق عەزیزدا خستەڕوو، تارق عەزیز کە بەزۆری ئارامو لەسەرخۆیەو دەیتوانی خۆی دوورخاتەوە لەو جۆرە وەڵامانە، بەڵام ئەمجارە ئەو جۆرێک لەگرژی نیشانداو ئاوا وەڵامیدانەوە: (بەڵێ، بە دڵنیایی ئێمە چەکی کیمیاویمان لەدژی ئەو خەڵکە دواکەوتووانە بەکارهێناوە. لەبەرچی؟ ئەگەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە هەر لەدژیاندا بەکارمان دەهێنا). دێڤید نیوتن لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (تەواوی ئەوانەی لە ژوورەکەدا دانیشتبوون سەریان سووڕما لەو وەڵامەی ئەو بەرپرسە ئێراقییە). تارق عەزیز، ئێستاکە لەبەر دەستدایەو لەلێکۆڵینەوەکاندا دانی بەزۆر شتدا ناوەو، دەتوانرێت کاریش بۆ ئەوە بکرێت دێڤید نیوتنو ئەو سیناتۆرە ئەمریکییانە بدۆزرێنەوەو، داوایان لێبکرێت ئامادەی دادگا بن بۆ شایەتیدان لەسەر ئەو قسەیەی کە تارق عەزیز لەبەردەم ئەوانو، لەکاتی باسکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی خەڵکی

هەڵەبجەو کوردستاندا، بەتووڕەیی‌و هەڵچوونەوە کردوویەتی‌و دانی بەوەدا ناوە کە کوردەکان بەچەکی کیمیاوی هێرشیان کراوەتە سەر!

دووەمیشیان دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراقە کە لەکاتی سەردانێکیدا بۆ ئەو زیندانەی کە سەددام‌و عەلی کیمیاوی‌و پیاوە ترسنۆکەکانی سەددام-ی تیادا زیندانی کراوە. دوای ئەوەی دکتۆر بەرهەم وەکو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراقەو کوردێکی شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کراوی دەستی ئەو خۆی بە عەلی حەسەن مەجید دەناسێنێ، ناوبراو دەمی تێکدەئاڵێ‌و بەپەشۆکاوییەکی زۆرەوە وتویەتی: (نزار خەزرەجی بەرپرسی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەیە نەک من). (2). ئەو دان پیانانەی عەلی کیمیاوی زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، گرنگ ئەوە نییە کێ بەرپرسە یاخود کێ تاوانی ئەنفال‌و کیمیابارانی ئەنجام داوە، گرنگ ئەوەیە تاوانەکە لەسەر رژێمی ئێراق‌و بەعس ساغ بێتەوە، ئەگینا بۆ ئێمە چ سەددام، عەلی حەسەن مەجید، نزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، سابر عەزیز حوسێن ئەلدوری، فەرحان موتڵەگ ساڵح ئەلجبوری، ئەیاد خەلیل زەکی، سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری، یونس محەمەد عەلی ئەلزەرب، بارەق عەبدوڵلا، ئەیاد فتەیح ئەلڕاوی، هوشام سەباح ئەلفەخری، تالع خەلیل ئەلدوری، غازی عجیل یاوەر، ئەیاد عەلاوی، ئەحمەد چەلەبی، سیستانی، ئیبراهیم جەعفەری، ساڵح موتلەگ، حارس زاری، عەدنان دلێمی یان مالکی بێت هەموویان هەر یەکن‌و لەڕووی ئایدۆلۆجی‌و بیروبۆچوون‌و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە دۆزی کوردو کوردستان بەموو لێک جیا نین‌و گشتیان کۆپی یەکترن. ئەوە نییە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێراق، کە زۆرجار بەئاشکرا کاتی خۆی گوتویەتی: (سەدام حوسێن، مافی خۆیەتی ئاوا لە کوردەکان دەکات‌و بەمشێوەیە لەناویان دەبات). (3). گرفتەکە ئەوەیە سەرکردایەتی کورد جەعفەری بەدۆستی ستراتیجی خۆی دەزانێت. ئەو دانپێدانانەی عەلی کیمیاوی بەوەی کە نزار خەزرەجی بەرپرسی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بێت نەک خۆی، زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێش چوونی رەوتی دادگاییکردنەکەو، ساغبوونەوەی تاوانەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دێهاتەکانی تری کوردستان لەلایەن سوپای رژێمی دکتاتۆری رەگەزپەرستی عارەبی بەعس لەئێراقدا. هەروەها لەیەکێ لە کاسێتە تۆمارکراوەکان بەدەنگی عەلی حەسەن مەجیدی تاوانبار، ئەو تاوانبارە زۆر راشکاوانە باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی گەلەکەمان دەکات‌و دەڵێت: (جەلال تاڵەبانی داوای لەمن کرد کە کەناڵێکی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵدا بکەمەوە. ئەو شەوەی من چوم بۆ سلێمانی‌و بەتەقەمەنی تایبەت لێم دان. بە موستەشارەکانم (سەرۆک جاشەکانم) راگەیاند کە لەوانەیە بڵێن گوندەکانیان خۆشدەوێت‌و جێیان ناهێڵن. وتم، من ناتوانم گوندەکەتان وەک خۆی بهێڵمەوە، چونکە بەچەکی کیمیاوی پەلاماریان ئەدەم. ئەوسا، خۆت‌و خێزانەکەت دەمرن. دەبێ هەر ئێستا جێیبهێڵی، چونکە من ناتوانم لەهەمان رۆژدا پێت بڵێم ئەمەوێت بەچەکی کیمیاوی هێرش بکەم. هەموویان بەچەکی کیمیاوی دەکوژم! کێ هەیە شتێ بڵێ؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و ئەوانەیش گوێیان لێدەگرن، دەگێم!). (4). ئەو کاسێتەش کە بەدەنگی تاوانبار عەلی کیمیاوی خۆیەتی زۆر گرنگە کە تیایدا باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەکات لەدژی هاووڵاتییە گوندنشینەکانی کوردستان‌و دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو بەسەر خۆیی‌و رژێمەکەشیدا.

هەروەها داواکردنی دکتۆر بەرهەم-یش لەپێناوی ئامادەبوون لە دادگا بۆ شایەتیدانو رووبەڕووبوونەوەی تاوانبار عەلی کیمیاوی کارێکی ئەوەندە زەحمەت نییەو، دڵنیاشم ئەگەر داوای لێبکرێت ئەوکاتە ئەو بەدڵێکی خۆشەوە ئامادە دەبێت بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەو ئەو شایەتی دانە، هەروەها ئەم کارەش بە قازانجو لەبەرژەوەندی ئێمەی کوردو کوردستانی دەبێتو کۆتایی دێت.

بەهەمان شێوە، عەلی حەسەن مەجید، لەزینداندا‌و لای عەلی باپیری بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامی گوتویەتی: (کە من دەستم لە کیمیابارانەدا نەبووە، بەهیچ شێوەیەک، من بەرپرسی حزبی بووم، ئەوەی کە دەستی تێدا هەبووەو بەرپرسی راستەوخۆ بووە، نزار خەزرەجی بوو، کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە، ئەو سوپایە هەمووی بەدەستی ئەو بووە، هەر ئەویش فەرمانی داوە).(5). هەروەها عەلی باپیر لەکاتی گفتوگۆکردنیدا لەسەر ئەنفالو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دێهاتەکانی کوردستاندا نووسیوێتی: (بەعسییەکان زۆرجار دەیانگوت موبالەغەیەو (5) هەزار کەس لە هەڵەبجە بەکیمیاوی نەکوژراوە، ئەنفال (182) هەزار کەس نەبووە).(6). ئەوەش دانپێدانانێکی تری بەعسییەکانە بەڕاستی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفالو کیمیابارانکردنی کوردستان.

## سەرچاوەکـــــــــان:

(1). المنار الكوردي، العدد (53)، لشهر آب 1998، جريدة نصف شهرية سياسية، يصدرها الاتحاد الوطني الكوردستاني - مكتب الخارج باللغة العربية.
(2). رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (25)، سێشەممە 28.9.2004. ل1.
(3). مامۆستا جەعفەر (فازل ئەحمەد کەریم)، بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، بەرنامەی "دیدار" تەلەفزیۆنی کوردسات، پێنجشەممە 27.4.2006.
(4). رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ-خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێراقو تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز، ژ وەشانێن گۆڤارا هاڤیبون 7، چاپی یەکەم، بەرلین 2000. ل259.
(5). ئەشکەنجەو زیندان، ئامادەکردنی هاوژین عومەر، لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کۆمەڵ، چاپی یەکەم 2006. ل238.
(6). سەرچاوەی پێشوو، ل235.

دەرسیم دیبەگەیی
شەممە 16.9.2006